# شکستی سیاسیی و دیپلۆماسیی کورد لەئاست ISG دا.

خەتاب سابیر

خوێندنەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتیی بۆ راپۆرتەکەی بەیکەر- هامیلتۆن لە چوارچێوەی فەنتازیایەکی هەرزەکارانەو رەپبوونی دەماری کوردایەتییەکی خێڵەکیی و نەتەوەییبوونێکی زۆر دەمارگیرانەوە سەرچاوەی گرتووە، جگە لەهەندێ وتارو لێکۆڵینەوەی سیاسیی زۆر دەگمەن لە قەڵەمی هەندێ ئاکادیمست و نووسەری دانسقەوە بەرهەم هاتن بە کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی، ئەگینا زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسین و وتارانەی بۆ بەدواچوونی ئەو راپۆرتەو رەهەندەکانی ئەو راپۆرتە کە بەکوردیی نووسراون نەک هەر سەرکۆزەرێکی بێکەڵکن، بەڵکوو بۆ خوێنەریش کات بەفیڕۆدان دەبوو ئەگەر کاتی خۆی پێیانەوە خەرجبکردایە.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئەو تەوەرانەی کە دەبووایە گەلی کوردستان و سیاسییەکانی و رۆشنبیرو نووسەرەکانی لەسەری رابووەستانایە، لای کەم ئەوانەی لەسەر پرۆژەی ( Iraq Study Group ) ISG لێکدانەوەیان کرد. پێش هەموو شتێ ئەو راپۆرتە بۆ سەرنج و رای گشتی خەڵکی ئەمێریکا بەپلەی یەکەم و ئەو کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییانەی گرنگیی دەدەن بە هەلومەرجی سیاسیی عێراق، نووسراوە. سەیرکردنی ئەو پاکێجە بە پچڕپچڕیی و جیاکردنەوەی کوردستان ، یاخوود باسکردن لەسەر کوردستان بەبێ بەشەکانی تری راپۆرتەکە بۆخۆی نەخۆشییەکی کوشندەی تێنەگەیشتنە لە راپۆرتەکەو داتا جیاوازجیاوازەکانی.

لەڕاستییدا هەرچەندە زۆرکەس پێیانوایە، کە پرۆژەکە سەرلەبەر بەزیانی کوردەو لایەکی باشی لەشۆڤێنیزمی عەرەبیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا داوەتەوەو کوردیش وەک قوربانییەکی سیاسەتی ئەمێریکا دێتە ئەژماردن. بەڵام بەپێچەوانەوە سەرەڕای هەر زیانگەلێک لە کورد و کێشە سیاسییەکەی، زەنگێکی زۆرباش بوو بەرامبەر بە خۆشباوەڕیی و بوغراییەکی بێ بناغەو تەسکبینیی سەرکردایەتی سیاسیی یەکێتیی و پارتیی و هاوتەرییەکانیان. پرۆژەی بەیکەر هامیلتۆن بە کوردو سیاسییەکانی کوردیی گوت ئەوە جێگەورێگەتانە، ئەوە سنوورو ئەوە چوارچێوەتانەو بە پێی بەرەی خۆتان قاچ رابکێشن. بە مۆنۆپۆلکەرەکانی بازاڕەکانی کوردستان و خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کوردستانی وت، ئێوە کۆمەڵێ بازرگانن و یاری بە ویستی سیاسیی خەڵکی کوردستان دەکەن و ئەوەندەی چاوتان لەدەسکەوتی ماددیی و کەڵەکەکردنی سەرمایەی زۆرترە، ئەوەندە چاوتان لە بەرژەوەندی سیاسیی گەلەکەتان و نەتەوەکەتان نییە. پێیانی وت ئێوە ئەوەندەی شەڕی دەسەڵاتی حیزبیی و ئیداریی خۆتان دەکەن، ئەوەندە خەمی کەرکوک و چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی و جوگرافییەکانتان نییەو لەماوەی چەندین ساڵی رابردوودا خزمەتگوزارییەکانی ناوشاری کەرکوک و تەنانەت ناوچەکانی هەولێرو سلێمانییش باشترین گەواهییدەرن. پێیانی وت کارەباکەتان جوانە هەی دوو دەسەڵاتی حیزبی کە خاوەنی چەندین بلیۆنێر و دەیان ملیۆنێرن بەپێی ئامارەکانی خۆتان.

راپۆرتی بەیکەر هاملتۆن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجی سیاسیی عێراق، بایەخ و نرخی هەموو پێکهاتە سیاسیی و ئەتنیکە جیاوازەکانی گرتووەتە بەرچاو ، تەنها کورد و کێشە سیاسییەکەی نەبێ. زۆر بەچاوێکی سووک و گاڵتەجاڕییشەوە تەوس لە جەلال تاڵەبانیی و مەسعود بارزانیی دەگرێ ، سووکایەتییەکە گەیشتووەتە ئاستێکی ئەوەندە بەبچووک سەیرکردن، کە فایلی شەڕی ناوخۆو رکەبەرایەتیی ساڵانێکی زوویان وەک پێشەکی بەخوێنەر دەگەیەنێ و دەیانناسێنێ ، ئەوەندەی وەک دوو میری سەردەمی شەڕی نێوخۆ سەیریان دەکات، ئەوەندە وەک دوو پۆستی کۆماریی و هەرێمی کوردستان سەیریان ناکات و زۆر بەمەبەست ورياييشەوە بەمشێوەیە دەیان قەبڵێنێ.

بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دوور نەکەوینەوە، دەکرێ بڵێین لە هەموو روانگەو ئایدۆلۆژیاو تێڕوانینە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان و نووسەرانی کوردی پەرپوەی وڵاتانەوە، لەسەر ئەم راپۆرتە نووسراو گوترا. بۆچوونی زاڵ لەلایەن ئەوانەوە بوو کە خۆیان بەنەتەوەیی و کوردستانیی دەزانن، هەروەها ئیسلامییەکان و کۆمۆنیستەکانیش قسەو باسیان لەسەر کرد، بەڵام کۆمۆنیستە رادیکاڵیستەکان و ئیسلامییە رادیکاڵیستەکان

خراپترین و کەچترین لێکدانەوەیان هەبوو، جگە لەوەی لەزۆر شتدا لەیەک دەچوون.  خاڵی زۆر سەرەکیی و هاوبەش بۆ ئەمان ، دەرچوونی هێزی داگیرکەری ئەمپریالیزمی ئەمێریکا( کە باوی ئەم تێرمە هەر نەماوە ) و دامەزراندنی حوکمی شەریعەتی ئیسلام لەجێگەی شەریعەتی خاچپەرستان، یان شەریعەتی کۆمۆنیستە رادیکاڵیستە(توندڕۆکان) کان و حکومەتی سۆشیالیستیی!. بەڵام لەهەمووی سەیرتر وەک گۆچانە ئەفسووناوییەکەی موسای پەیامبەر، چۆن لە رووباری نیلی دەدا کۆڵان کۆڵانی دەکرد، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ( بەبێ کەرکوک ) یش وەک هەمان گۆچانی ئەفسووناویی و ئاییی لە دەستی هەندێ کۆمۆنیستی رادیکاڵدا دێت و دەچێت و هەر جارەو لەبۆنەیەکدا بە بێ ئاگایی خەڵکی کوردستان، سەربەخۆیی پێدەخەنە  سەر سفرەو بابۆڵە بابۆڵە بۆ خواردن ئامادەی دەکەن و کەسیش نایخوات.

سەبارەت بەناوەڕۆکی پرۆژەکە لە ئاست کورددا ، یاخوود سەرەکییترین پەیامی  سیاسیی ناو پاکێجەکەی بەیکەر هامیلتۆن بۆ کوردستان و دەسەڵاتە سیاسییەکەی لە بەغداد و هەولێر ئەوە بوو کە ئێوە هێشتا لە قۆناغی گاگۆڵکێدان لە ئاست گەمەی سیاسیی و بەرژەوەندیی سیاسیی زلهێزەکاندا، پێیانی راگەیاند بەو شێوەیەی ئێوە تێگەیشتوونە بۆ ئەمێریکا و گەلی ئەمێریکا بەکەڵک نایات و کەدەشبنەوە بە قوربانیی لە رێکخستەنەوەی کۆدە سیاسیی و هاوکێشە سیاسییەکاندا، باجی دەستوپێ سپییبوونی خۆتان لە تێنگەیشتن  لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دەدەنەوەو هێشتا لە ئاست بەرێوەبردنی دووعەشیرەت و دوو ناوچەی شاخاوییدان و ماوتانە بگەنە ئەوەی کەسەردانتان بکەین لەکوردستان و تەنها پرسە گورکانەیەکتان لەبەغدا پێدەکەین . ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی بەخۆی بزانێ یان نا، گەورەترین سووکایەتیی پێکراوە کە سەردانیان نەکردوون لە کوردستان و گوێ بۆ راوێژکارە فاشیلەکانیان نەگیراوە لەلایەن ئامادەکەرانی ئەو پرۆژەیەوە.

بەداخەوە ئەوەی زۆربەی شەقامی کوردیی و نووسەرانی کورد تێینەگەیشتوون ، خودی ناوەڕۆکی راپۆرتەکەیە، ئاخر راپۆرتەکە بە ئینگلیزیی نووسرابوو، هێشتا وەرنەگێڕدرابووە سەر هیچ زمانێکی تر، دەستە دەستە لە کۆنە قارەمانان و  کوڕانی شاخ و شار، بە کوردیی کەوتنە وێژەی و شیکردنەوەی سیاسییان دەدا لەسەریی. چۆن دەسەڵاتی سیاسیی و سەرکردایەتییەکەی ئەوەندەی بۆ راییکردنی دڵی خەڵک و بازاڕی لۆکاڵ قسەدەکەن ، بەهەمان شێوەش نووسەرەکانی ئێمەش بۆ خۆیان و بۆ لۆکاڵ دەنووسن و  ئاگایشیان نە لەمیدیای جیهانیی و نە لە نێوەندە سیاسییەکانی جیهانە کە چیی دەڵێن و چیی دەنووسن؟

گەلێکین زۆرمان قوربانیی داوە، زۆرمان ئاستەنگی سیاسیی و رۆژگاری پڕ لەتراژیدیا بڕییوە، بەڵام سەرباری قەبارەی هەموو ئەو کێوانەی لە قوربانیی داومانە، سەرکردەکانی دەسەڵاتی سیاسیی  زۆر خۆیان  بەبچووک دەزانن و ئێمەی نەتەوەی کوردیش لەگەڵ خۆیاندابچووک دەکەنەوە.  چونکە جاهیلین و سەرکردەکانیشمان لەئاست جەهلی ئێمەدا پایەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی خۆیان رۆژ بەرۆژ لەسەر گەندەڵیی و دزیی و بەتاڵانبردنی سامانی خەڵکی کوردستان و هەڕاجکردن و تەخشانکردنی شارەوانییەکانی کوردستان بەسەر خێڵ و هۆزو بەرەباب و بنەماڵەکاندا پانوپۆڕتر دەکەنەوە.

ئەوە ئەگەر جەهل نەبێ ، ئەی چییە؟ هەر کەسەرۆکی عەشیرەت و حیزبەکانی ئێمە یەک دوو فەرموودەی پیرۆزیان لەسەر ئاڵای کوردستان و سروودی نیشتمانیی وت، بۆ سبەینێ بەشەستە وتار  رۆژنامەکانی حیزب و بڵاوکراوەکانی حیزب و حکومەت بەشانوباڵی سەرکردەو سەرۆک و رابەردا هەڵدەدەن. سروودی ئەی رەقیب پیرۆزیی لەچییدایە ئەم هەموو شینەی بۆ بکرێ؟. ئەی رەقیبێک بۆ نەوەی نێر نووسراوەو هیچ حیسابێکی بۆ رەگەزی ژن نەکردووە،   ئەی رەقیبێک لە کۆمەڵێ وشەی حەماسیی پەستێنراو و داماڵراو لە هەموو جوانییەکی سروشتی کوردستان، چۆن دەکرێ سەرۆکی حیزب و سەرۆکی حکومەت ، یان سەرۆکی هەرێم بە تەئویلی خۆی رەوایی لەسەر بدا و نووسەرە حیزبییەکانیش بووقی بۆ لێبدەن؟ سروودێک  تابلێی کۆنەپەرستانەو دواکەوتووانەیە، کەی لەگەڵ خواستی سیاسیی ئەم سەردەمەدا دەگونجێ.  ئەی رەقیب بۆ سەردەمێکی زۆر قاتوقریی و رۆژرەش نووسراوەو هیچ حیکمەتێکی سیاسیی و نەتەوەیی و  هونەریی ئەوتۆی تێدا نییە کە سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەرخواردی نەوەی

**نوێی بدەن و توووند توووند دەستی پێوە بگرن و بەتۆبزیی بیکەنە سروودی نەتەوەیی و مارشی سیاسیی گەلێک کە هیچ خێرێکی لەخۆی نەدیوە جگە لە بێکارەبایی و بێسووتەمەنیی و بێکاریی لەسەر دەستی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە سەرتاپا گەندەڵە.**

**دەبووایە رەخنەگرانی ئەو راپۆرتە لەسەر پایە سەرەکییەکانی پاکێجە سیاسییەکە قسەوباسیان بکردایەو لەگەڵ خاڵە زیانبەخشەکانی بۆ کوردستاندا گرێیان بدایەتەوە . سەرەکییترین ئەو پایانەش ، نامۆراڵیی سیاسیی لە سیاسەتی نیۆکۆنسێرڤەتیڤەکانی ئەمێریکادایە، وێڕای ئەوەی بەیەکەوە گرێدانی ئاساییشی نەتەوەیی ئەمێریکیی، کە دیموکراتەکان و کۆمارییەکان تەبان لەسەر ئەم خاڵە بە شکستی سیاسیی و سەربارزیی ئەمێریکاوە لە ناوچەکەداو مەیدان چۆڵکردن بۆ گەشەکردنی ئیسلامییە رادیکاڵیستەکان و شۆڤێنیزمی عەرەبیی سوننەو تەوژمی مەزهەبیی شیعە رەنێو دەنرێ . دەکرا و ئێستاش دەکرێ شەقامی ئەمێرێکیی و بریتانیی و رۆژئاوایی بورووژێنرێ لەسەر پایە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی و دیموکراسیی، کە ئەستەمە لە عێراقێکی سێنتراڵی بەهێزدا زامن بکرێ ، لەعێراقێکی تێکەولێکەی سیاسیی و ئایینیی و مەزهەبیی و نەتەوەییدا دەستەبەر بکرێ و لێرەوە لەرووی سیاسیی و زانستییەوە، بەئامار و بە مێژوو پرۆژەکە بنکۆڵ بکرایەو باڵکانی ئێستاو باڵکانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووش باشترین پارادایم و چاکترین مۆدیلی سیاسیی دەبوون بۆ بەراورد بە عێراقی عەرەبیی پڕ لەئایدیال و ئەفسانە کە بەس کوردی بەستەزمان پێی دەڵێ عێراقی فیدراڵ.**

**راپۆرتەکەی بەیکەر هامیڵتۆن، ئەگەر کەمترین توێشووی پێ بێت بۆ ستراتیژی سیاسیی و سەربارزیی نوێی ئەمێریکا لە عێراقدا، بەواتایەکی تر ئەگەر ئیدارەی جۆرج دەبلیوو بووش کەمترین بیرۆکە و پێخۆر لەو راپۆرتە وەربگرێ بۆ ستراتیژی نوێی ئەمێریکا لەعێراقدا، بەڵام یەک راستیی پەتیی هەڵدایەوە، کە سیاسییەکانی کورد و دیپلۆماتکارەکانی زۆر دواکەوتوو نابەڵەدن و لە بچووکترین گەمەی سیاسیی و دیپلۆماسییدا دەدۆڕێن و کڵاو دەخرێتە سەریان، بەهەمان شێوەش رۆژنامەوان و نووسەرە لۆکاڵەکانی کوردیش هەمیشە دوای رووداوەکان و کارلەکارترازان، یان پاکانە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی فاشیل دەکەن، یان رەخنەی شەرمنانە دەگرن و کەمتازۆر لەپەنای دەسەڵاتی سیاسییەوە دەبۆڵێنن. سامناکترین پرس ئەوەیە ئایا دەسەڵاتدارانی سیاسیی کورد هیچ ئامادەباشییەکیان کردووە بۆ سبەی رۆژی ستراتیژی نوێی ئەمێریکا لە عێراق و هیچ زامنێک هەیە کە ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن دەستکەوتە سیاسییەکان لەم قۆمارەدا لەبری بردنەوە ، دەستکەوتی زۆرتر نەدۆڕێنن.**